## دەسەڵات داری لە کوردوستانن - تەواوکەری پرۆگرامی سەدامن ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

07-گوڵان-2706 ك

زۆرباسیان کرد وتیان سەدام خراپە
ئەی بۆباسێ ناکەن لەم دەسەڵاتە
بەناو دەسەڵات بەدەست کوردەوەیە
پاشماوەی ئەنفال لەپشت گوێوەیە
لەبەر دزی و گەندەلی ناو دەسەڵات
نایان پەرژێتە سەر ئامان و ئاوات
هاوار بۆ دلسۆزێ لە شاری سلیمانی
کەخاوەن دەسەڵات بێ لەناو یەکێتی
زوو فریانەکەوێ دەربەدەر ئەکرێ
مال وحالی بەر زەکەریا ئەکەوێ
کوا سەرۆکی هەرێمی کوردوستان
پەیمانی دا بە خوێنی شەهیدان
بەیەك چاو سەریری هەمووان بکا
دووبەرەکی لەناوکوردا قەت نەکا
بۆ ئەرزی سلیمانی کوردوستان نیە
ئاگاداری ئەم دابەش کردنە نیە
بەکام یاسا ئیدارە ئەچێ بەرێ وە
بالەئیستاوە پالی لێ بدەینەوە
ئەرزە نادرێ بەمامۆستاو شەهیدان
ئەبەخشرێ بەکاکەزەکەریا گیان
کوا حاکمەکەی شاری سلیمانی
بێ خەبەرە لەشوقەو زەویەکانی
یائاگادارەوە وا چاوپۆشی ئەکا
زەوی مسئولەکانە بۆیە قسە ناکا
ئەوەی سەدام کردی بە35 سال
پێشتان دایەوەبەماوەی14 سال
سەدام ئیستا وا لەناو زیندانایە
بەلام یاساکەی لە گەشە کردنایە
کوردوستان بدەن بەتورك فارسەکان
خۆشتان ئۆخر بکەنەوە بۆ هەندەران
داوای یەك پارچەی عێراق ئەکەن
کوردوستان بە گوریس بەش ئەکەن
زۆریان کرد سەدام و دام ودەزگاکەی
شوری یەبۆئێوە ئەم حالە تا کەی